# ئەوسا و ئێستای چیرۆکی منداڵان




## پاژی دووەم ــ بەشی دووەم

محەمەد فەریق حەسەن

**وێنە بۆی هەیە هەم دەق وەربگێڕێتە سەر زمانی هونەری شێوەکاری، کە هونەرێکی دیکەیە بە تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە، هەمیش دەقی چیرۆک تەواو بکات و بۆ خوێندنەوەیەکی ئاسانتر و بەچێژتر ئامادەی بکات و ئاسانکاریشی بۆ بکات. دەقی نووسراوی وێنە بۆ کێشراوی لە ڕەنگ و هێڵ و بارستە پێکهاتوو، هەموو ئەم ڕەگەزانە پێکەوە، ڕەوانتر گوزارشت دەکەن، جوانی و چێژ بە خوێنەری منداڵ دەبەخشن و وشەکانی بۆ وەردەگێڕنە سەر زمانی ڕەنگ و ئاوتلاین و بارستە. بەمەیش خەیاڵی منداڵ دەجووڵێ و فراوانتریش دەبێت. ئەو وێنە ڕەنگاوڕەنگانە دەکارن، هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە زەمانی ڕابوردودا قەوماون، بیانهێنن بۆ ئێستاو ڕابوردویش بگۆڕن بۆ حاڵی حازر. بیرت بێت وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان، شادی بە دەروونی منداڵ دەبەخشن. سەبارەت بە وێنە د. عمیش عبدالقادر دەڵێ: (بەم پێیە، ئەدەبی منداڵان لە هونەری شێوەکارییەوە نزیکترە هەتا ئەو شێوە ئەدەبیاتەی، کە گەورەساڵان لەسەری ڕاهاتوون، بۆیە لە شرۆڤەو شێوە و ڕەنگ و شوێنەوە نزیکترە. ئەمەیش لەگەڵ هەڵکەوتەی دەروونی و گەمەو خەوندا گونجاوە.) (٨)**

ڕاستت دەوێ، یەک لەباری چیرۆکی منداڵان، وەرگر هەر بەتەنیا دەق ناخوێنێتەوە، بەڵکو ئەو پەرەگراف لە دوای پەرەگراف ڕەنگ و هێڵ فیگەر دەخوێنێتەوە. بەم پێیە چاوی منداڵ لەوپەڕی چالاکیی خۆیدا دەبێت. ئەو زۆر ڕەنگ و تۆنە ڕەنگ دەبینێ، کە هەر یەکەیان بەشێوەی خۆی گوزارشت دەکات و کاریگەریی خۆی دادەنێت. ئەم ڕەگەزانەیش هەموو پێکەوە جەخت لەسەر نامەو ناوەڕۆکی دەق دەکەن.

لەڕێی ئەم هێڵ و ڕووبەرە ڕەنگیانەوە، وێنەکێش ئەوەندەی هەست و سۆز دەگوێزێتەوە، ئەوەندە خەریکی گواستنەوەی وردەکارییەکانی خودی وێنەکە نابێت. منداڵیش جارێک وەک ڕستێک وشە، جارێکیش وەک ڕەنگ، هێڵ و بارستەو هەست، ئەو دەقە دەخوێنێتەوە. واتە خوێندنەوەیەکی ئاسایی و خوێندنەوەیەکیش بە زمانی هونەری شێوەکاری. د. عمیش عبدالقادر دەڵێ: (هەر ئەوە بەسە، کە دەرکەوتنی وێنە، لەخۆیدا پێوانەیە بۆ پۆلێنی ئاستی نووسین بۆ منداڵان... دونیای هونەرمەندانیش لە دونیای منداڵان دەچێت، جیهانێکە کۆت و بەندی تێدا نییە، بەڵکو لە ئازادی و خەیاڵ و هەستەکاندا قەڵاچنە.)

ئەگەر دەقی چیرۆک بڕێکیش تەمومژاوی بوو، یان نەیتوانیبوو ئەو واتایەی، کە لە هەناوی لە خۆیدا هەڵیگرتووە بەئاسانی بیگەیەنێ، ئەوا وێنەکان بە ئاستێکی ئەوتۆ دەقەکە بۆ منداڵ شرۆڤە دەکەن، بەرچاوی ڕوون ببێتەوەو لێی تێبگات.

وێنەیەکیش بۆ چیرۆکی مندڵان کێشرابێ، گەرەکە هەم واقیعی بێ، هەمیش تێکەڵ بە خەیاڵ کرابێ. گەرەکە وێنەکێش تەنیا وێنەی ڕووداوەیلی دەقەکە بکێشێت و لەدەق دەرنەچێت. مەگەر ئەو دەرچوونە ببێت بەهۆی تژیکردنی دەقەکەو ڕوونتری بکاتەوە. کاتێک قەلەباچکەیەک دێت هەواڵی سمۆرە لە دارگوێزێک دەپرسێ، ئەم چالاکییە لەخۆیدا پێوەندییەکی ئاساییە، چونکە لە چیرۆکی منداڵدا، قۆناغی بەرایی، ئاساییە دارو بەرد، ئاژەڵ و باڵندە قسان بکەن. قەلەباچکە خۆی دەنووکی هەیە، کەواتە دەشێ ئێمە بڵێین قسەی پێ دەکات. سمۆرەیش دەم، یان لمۆز و زمانی هەیە. واتە دەشێ بڵێین ئەمیش هەر بۆی هەیە قسان بکات. بەڵام یەک لەباری دارگوێزەکە، ئاساییە ئەگەر وێنەکێش لەلای خۆیەوە، لە قەدی دارەکە، دەم و چاوێک وێنە بکێشێ، تاکو بە منداڵ بڵێت، بەم شێوەیە دارگوێزیش بۆی هەیە بێتە زمان.

وێنە، وەک پێشتر بڕێک لەسەری دواین، گەرەکە واقیعی بێت و خەیاڵیشی ئامێتە کرابێ، چونکە خودی دەقی چیرۆکەکەیش هەر وەهایە. وێنە گەرەکە ڕەنگاوڕەنگ بێ، چونکە مگێزی منداڵ وەها هەڵکەوتووە، ئەو دڵی بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ دەکرێتەوە. دیارە دەبێ ڕەنگەکانیش گەش و درەوشاوەبن، نەک مات و مردو. وێنەکانی هاوشانی چیرۆکی منداڵان، لە کەڤاڵی کاریکاتێرو لە پۆستەریشەوە نزیکن. بەو واتایەی، کە ئاوتلاینیان بۆ کێشراوە. واتە زۆر جاران، وێنەکان بەهێڵ سنوریان بۆ دیاری کراوە.

هەرچی بۆشاییەکانیشە بە ڕەنگی گەش پڕدەکرێنەوە. بۆیە بەزۆری، ئەو هونەرمەندە شێوەکارەی لە هونەری کاریکاتێردا سەرکەوتوو بێ، لە بواری وێنەکێشان بۆ چیرۆکی منداڵیشدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێ. وەک گرفتار کاکەیی، کە خۆی کاریکاتێریستەو توانیوێتی بەسەرکەوتوویی وێنە بۆ چیرۆکەکانی زانا ڕەئوف بکێشێ.

منداڵ خۆیشی هەر بەو شێوەیە وێنە دەکێشێ. بۆ نموونە ئەگەر بە منداڵێکی کورد بڵێی، دیمەنێکی سرووشتیم بۆ بکێشە. ئەو یەکسەر هەشسەدو هەشتاو هەشت دەکێشێ، بەو حیسابەی گوایە ئەو وێنەی زنجیرەیەک چیای کێشاوە. پاشان دێت نێوان هێڵەکانیش ڕەنگ دەکات. ئەو بە هەمان شێوە، ئاوتلاین بۆ کەناری ڕوبارو درەخت و بەردو گوڵ و گیاو مەڕەکانیش دەکێشێ. منداڵ لە کەڤاڵی ڕەنگاوڕەنگ ناسڵەمێیەوە. بەڵکو ئەو دڵی پێی دەکرێتەوە. بە جۆشەوە سەرنجی دەدات. عومەر ڕەسووڵ پێیوایە، منداڵ (لە تەمەنی چوار ساڵییەوە زیاتر باخچەو گوڵ و سەوزایی درەختەکان و گوڵەکان، گیانداران، سەرنجی منداڵ بەرەولای خۆیان ڕادەکێشن... هونەری نیگارکێشانی منداڵان، ل، ١٣) (٩)

وێنە کاریگەری لەسەر زەین و هەستی منداڵ دادەنێ. وێنە یارمەتیی زارۆیش دەدا باشتر لە دەوەروبەری خۆی حاڵی ببێ. ئەو لەڕێی وێنەوە پێوەندیش لەگەڵ ژینگەی خۆیدا گرێدەدا. ئەوەیش بزانە، کە تاکو ئێستایش، زۆر وێنەکێشی ناسراو هەن، بۆ کێشانی کەڤاڵەیلی خۆیان سوود لە ئەزموونی نیگارکێشانی منداڵان دەبینن. منداڵان ئازادانە وێنەدەکێشن. بەو واتایەی، ئەوان پەیڕەوی ڕێبازو قوتابخانەو میتۆدی دیاریکراو ناکەن. ئەوان دێن، بێ پێچ و پەنا، سەرنج و دونیابینی منداڵانەی خۆیان، ڕاستگۆیانە لەسەر کاغەز تۆماردەکەن. وێنە لە خۆیدا، زمانێکی پاکە بۆ دەربڕینی خواست و ئەندێشەو خەیاڵی منداڵانەی خۆیان.

(منداڵ لە تەمەنی چوار ساڵیدا ناتوانێت نیگارێک بکێشێ، کە خۆی لێی تێنەگات، چونکە منداڵەکە جیهانی دەوروپشتی بەپێی هەستی تایبەتی خۆی لێکدەداتەوە... هونەری نیگارکێشانی منداڵ، ل، ١٨)

پێشتر وتمان، وێنەکان واقیعین و ئاوێتەی خەیاڵ و فانتاسیا کراون. دەبا لێرەدا نموونەیەکی تری زیندو بهێنینەوە. گریمان گوڵە هێرۆیەک، یەکێکە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکێکی منداڵان. تۆ لەلای خۆتەوە وەهای دابنێ، کە ئەم گوڵە هێرۆیە، لەگەڵ هەنگێکدا ئاشنایەو ئەوان پێکەوە لە گفتوگۆدان. لە دۆخی وەهاشدا، بۆ خوێنەری منداڵ، کارێکی خەیاڵ بزوێنە ئەگەر وێنەکێشەکە ڕووخساری کیژۆڵەیەکی جوانی بداتێ، کە ئەو کارەکتەرە لە خۆیدا گوڵە. کاری وەها هەم خەیاڵییە، هەمیش بەشێوەیەکی ڕیالیستانە گوڵە هێرۆکە وێناکراوە.

وێنە ڕۆڵی گرنگ لە چیرۆکدا دەبینێ، بۆیە ناشێ چیرۆکی بۆ منداڵ نووسراو بەبێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بڵاوببێتەوە، بەتایبەتی لەم سەرەمەدا، کە کارەکە بەئاسانی جێبەجێ دەبێ. چونکە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، یەک لەباری نووسەر، کاتێک لە نووسینی دەقەکەی خۆی دەبێتەوە، بەو واتایە دێت، کە ئەو لەنیوەی کارەکەی بووەتەوە. ئەگەر ئەو تەنیا دەقەکە بڵاوبکاتەوە، وەک ئەوە وایە، کارێکی نیوەناچڵی خستبێتە بەردەستی منداڵ، کە منداڵ نە زەوقی دەچێتە سەر بیخوێنێتەوە، نە بەڕوونیش لێی تێدەگات.

هەر بۆ بەرچاو ڕوونیی زیاتر، با لێرەدا کەمێکی تر لەسەر گرنگیی ڕۆڵی وێنە بدوێین. باوکێک یان دایکێک لە ماڵدا، یانژی پێداگۆیەک لە باخچەی ساوایاندا، دێت چیرۆکێک بۆ منداڵێکی قۆناغی یەکەم (سێ بۆ پێنج ساڵ) دەخوێنێتەوە، کە ئەو هێشتا بەڕەوانی پیتەکانی زمانی کوردی ناناسێ و فێری کردەی خوێندنەوە نەبووە. دایک یان باوکەکە پێشتر خۆی دەقەکەی خوێندووەتەوەو پاشان دێت بۆ منداڵەکەی دەگێڕێتەوە. دیارە ئەو منداڵەیش بە شەوقەوە گوێی لێ دەگرێ. ئەم گێڕانەوەیە، یان ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، لەلایەن دایک و باب، یان لەلایەن پێداگۆوە، هەنگاوی یەکەمە.

دوای ئەم هەنگاوە، پێداگۆ دێت، کتێبەکە دەخاتە بەردەستی منداڵەکەو داوای لێ دەکات خۆی چیرۆکەکەی بۆ بگێڕێتەوە. منداڵەکەیش بە ئاسانی وێنە لە دوای وێنە، پەنجەیان دەخاتە سەرو لەبەر ڕۆشنایی واتای وێنەکان، چیرۆکەکە بۆ مامۆستای خۆی، یان بۆ باوک و دایکی خۆی دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی پەرەگرافێکی لێ عاسی ببێ، یان لەمپەرێک بێتە ڕێی. چونکە ئەوی منداڵ وێنەکان دەخوێنێتەوە. منداڵیش هەرکە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی بینی، ئیتر خەیاڵی چالاکی بەخۆیەوە دەبینێ. حەز دەکات بزانێ، لە پشت ئەو وێنەیەوە چی دەگوزەرێ. ئەگەر چیرۆکی پشت وێنەکەیشی نەزانی، ئەوا لە خەیاڵدانی خۆیەوە، چیرۆکێکی بۆ ڕۆدەنێ.

ئەگەر مامۆستای زمانی کوردی مەیلی لەسەربێت و بڕێک دەماخ بسووتێنێ، ئەو دەتوانێ هانی ئەو قوتابییانەی خۆی بدات، کە بڕێک خەیاڵیان فراوانە، هەوڵی چیرۆکنووسین بدەن. لێرەدا مەبەستمان لەو قوتابییانەیە، کە بە تەواوی کردەی خوێندنەوەو نووسین فێربوونە. دەشێ داوا لەوانەشیان بکات، کە دەستڕەنگینن، وێنە بۆ چیرۆکەکان بکێشن. هەروەک باب و دایکیش بۆیان هەیە لە ماڵەوە، ئەم ئەزموونە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا بجەڕبێنن. با منداڵێکیان دەق بنووسێ و ئەوی دیکەیان وێنەی بۆ بکێشێ.

ئەوەیش بزانە، کە کارێکی زۆر گرنگە منداڵ بەرلەوەی بچێتە بەر خوێندن، لە ماڵەوە بە کتێب ئاشنا بووبێ. منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵییەوە، ئارەزووی بیستنی چیرۆکی هەیەو پێشی خۆشە خۆی دووبارەی بکاتەوە، بە مەرجێک ئەو چیرۆکە بۆ تەمەنی ئەو شیاو بێت و ئاڵۆز نەبێت.

منداڵ دوور لە بەکارهێنانی وشەیش، هەر لە مەبەستی وێنەکێش تێدەگات. چونکە وێنەیەک ئەگەر بۆ منداڵ کێشرابێ ئەبستراکت نییە. ئەوەیش بزانە، کە وێنە لە وشە ڕەوانبێژترە. وێنە خەیاڵی منداڵ دەجووڵێنێ. ئەو هەر بە خەیاڵ ڕووداو لەدەوری ئەو وێنەیە چێدەکات. هەرچی ڕەگەزی وێنەیە، هەم خۆی بەرجەستە بووە، هەمیش خەیاڵبزوێنە.